ڕەفیق سابیر

# وەرزی سەهۆڵبەندان

بۆ Eka

بە ڕاستی لە سەردەمێکی تاریکدا دەژیم
گەمژەییە بە نەرم و نیانی بدوێیت،
نێوچاوانی سفت و لووس نیشانەی دەبەنگییە
ئا ئەو کەسەی پێدەکەنێت
هێشتا هەواڵی مەترسی پێنەگەیشتووە.
**برێخت**

* * *

کاتی کۆچ هات
ئێمە، هەر یەکەمان بە ڕێگای خۆماندا دەڕۆین؛
من تا بمرم، تۆیش تا بژیت
بە تەنێ خوداوەند دەزانێت
لەم دوو ڕێگایە کامیان چێترە.
**ئەفلاتوون**

* * *

جارێکی دی
مەنفا ئاشقی کردەوە
مەنفا لە هەوری هەڵکێشا و
ڕوخساری لە خۆڵ گرتەوە.

جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە،
نهێنی هەڵی گرتەوە

ڕۆحی لە شەختە گیراوی
بە ڕێژنە و ئاگر شووشتەوە.

I

لە ئێوارەی ئێوارەدا
نهێنی رۆحی لاسارم پەرژین دەکات
رەهێڵە ئادگاری کاڵم دەسڕێتەوە
لە بناری گومان و بێئارامیدا
سەر بە لقی گڕ دەکەم و
خۆم بە تەرزە داداپۆشم.

سرکە هەورێک لە نێو دڵدا ڕێ ون دەکات
پەڵەخوێنی سەر دیوار و
گەردی مەنفا و
ئێوارە و
وڵات تەڕ دەکات.
ئەم وڵاتە داچۆڕاوە دەڵێی دەلاقەی برینە
بەسەر دەستڕێژدا دەڕوانێت،
دەڵێی هەورێکی شەکەتە
بەسەر دەروازەی گەردووندا هەڵواسراوە.

ئایندە و پۆلە گۆرانی لەتۆ ناچن
بیرەوەری و سەربڕین و
کێڵگەی بەفر و هەڵواسین و
خۆرئاوابوون و نامۆییش.
چۆن لەم مەنفا پەتایەدا

وەک زەردەگەڵای پاییزان شۆستەکانت داپۆشیوە؟
وەک ڕەنگی تینوێتی و باران
تەمەنی خۆڵاوی ئێمە و
پەراوێزی ئاسمان و ئاسۆت تەنیوە؟
تا دێت مەنفا:
بەرین و بەرینتر دەبێت!
تا دێت برین:
قووڵ و قووڵ و قووڵتر دەبێت!
تا دێت ئەڤین:
مەحاڵ و مەحاڵتر دەبێت!

ئەستێرەیەک دەچنمەوە
لە ناو دڵدا پەنای دەدەم
لەبەر دەروازەی مەنفادا
ئێوارەیەک دامدەپۆشێت کە باران و
دارستان و
بیرەوەریی
بە تاکە ڕەنگێک دەتەنێت!
بەسەر دەروازەی مەنفادا هەڵدەزنێم
سەرم بەر ئاسۆ دەکەوێت
لە نێوانی ئاسمانی پیرۆزەیی و
قووڵایی چاوەکانتدا
ماوە و سنووری ڕەنگەکان بزر دەکەم
مەنفا و بوولێڵی ئایندە و
شتەکان فەرامۆش دەکەم.

نهێنی ڕۆحی سەرەڕۆم پەرژین دەکات
دەمکاتە کێڵگەی ونبوون و ترس و ڕنو
وەک بروسکە تەڕم دەکات

دەمکاتە خەڵووز و سوتوو
نیشتمانم!
چۆن خوو بە دەنگەوە بگرم؟
چۆن خوو بە ڕەنگەوە بگرم؟
نیشتمانم!
چەند جاری دی لە مەنفادا دەبێت بمرم
نیشتمانم!
نیشتمانم!

II

وەک هەور دەبێت بەهانە بهێنمەوە
تا بروسکە دەستەمۆکەم
دەفتەری خۆڵ و ڕەهێڵە بخوێنمەوە.

دەبێت وەک هەور بەهانە بهێنمەوە
تا ئەستێرەی کاروانکوژە و
دۆند و بنار
بکەم بە هەڤاڵ و دڵدار.

وەک هەور دەبێت بەهانە بهێنمەوە
تا گەردوون بکەم بە لانە و
سنوورەکان وێنەی زنار لە نێو ڕۆحدا بتوێنمەوە.